

حەمەسەعید حەسەن

# ئەکرەمی مام عەلی

٢٠٠٢/١/٢٢ _ ١٩٥٥

ئەوی هەر بۆ خۆی بژی، تەنیا یەک جار دەژی،
ئەوی بۆ خۆی و بۆ خەڵک بژی، چەندان جار دەژی.
ئەکرەمی مام عەلی ئەگەر هەر بۆ خۆی ژیابا،
هەنووکە لە دڵی ئێمەدا نەدەژیا.

تەنیا بە خوێندنەوە، دەق بوونی خۆی وەک کارێکی ئەدەبی دەسەلمێنێت، ئەگەرنا پێش ئەوەی بە دیداری خوێنەر شاد بووبێت، ناتوانێت بانگەشە بۆ هەبوونی خۆی بکات. هەر کتێبێک با هەزاران دانەشی لێ چاپ کرا بێت، گەر کەس نەیخوێندبێتەوە، کتێب نییە. کاری ئەدەبی بە دوو باڵ دەفڕێت، باڵی یەکەمیان نووسەری دەقەکەیە و باڵی دووەم خوێنەر. ئەو دەقەی خوێنەر لە ئامێزی نەگرێت، کارێکی ئەدەبی نییە.
ئەو نووسەرەی ڕێزی خوێنەری خۆی بگرێت، هەموو شتێک ناڵێت، هەمیشە شتێک، یان چەند شتێک بۆ خەیاڵی خوێنەر جێ دەهێڵێت. هەمیشە هەندێک بۆشایی جێ دەهێڵێت و ئەرکی پڕکردنەوەیان بە خوێنەر دەسپێرێت. بۆیە دەق کۆمەڵێک خوێندنەوە هەڵدەگرێت، چونکە هەر خوێنەرە و بە شێوازی خۆی بۆشاییەکان پڕ دەکاتەوە. نووسەر دەبێت بوار بە خوێنەریش بدات، خەیاڵی بخاتە گەڕ. نووسەر نابێت تەواوی وێنەکە بکێشێت، دەبێت لێ بگەڕێت، خوێنەر تەواوی بکات.
کانت پێی وایە، تەنیا کەسانی بلیمەت دەتوانن، کارێکی هونەری نەمر بەرهەم بهێنن و هەرگیز کەسانی ئاسایی ناتوانن لاسایی ئەو بلیمەتانە بکەنەوە. ئەگەر نووسین بە گشتی و نووسینی کاری ئەدەبی بە تایبەتی کارێکی ئاسان بووایە، هەموو کەس دەبووە نووسەر.
هەمزە عەلی ساڵح، فوئاد محەمەد ئەمین و ئەکرەم عەلی بە سێقۆڵی ساڵی ١٩٧٧ کتێبێک بە ناونیشانی (کۆمەڵێ چیرۆکی ئاوس)ەوە بڵاو دەکەنەوە کە بریتی دەبێت لە سێزدە کورتەچیرۆک. کورتەچیرۆکەکان سێیان هی فوئاد دەبێت و پێنجیان هی هەمزە و پێنجیان هی ئەکرەم.
ئەکرەم ناوی (چیرۆکە ئاوسەکان) لە کورتەچیرۆکەکانی خۆی دەنێت. ئەکرەم ساڵی ١٩٥٥ لە دایک بووە، کە یەکەمین چیرۆکی بڵاو کردووەتەوە، (ڕووبارێک لە سەهۆڵ، ژمارە (٣٢)ی ڕۆشنبیری نوێ ١٩٧٤/١٠/١) تەمەنی نۆزدە ساڵ بووە.
ئەکرەم ساڵی ١٩٧٧، بە ٢٢ ساڵی بیری لەوە کردووەتەوە، چیرۆکی ئاوس، نەک ئاسایی، بنووسێت. ڕووبارێک لە سەهۆڵ، کە ناونیشانێکی نائاساییە و دەربڕینێکی نوێیە، بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەو هەر لە دەستپێکەوە بیری لای ئەوە بووە، لە ئەدەبی باو یاخی ببێت.
(چەقۆیەکی تیژ دڵی ئەو شەوەی شەقار دەکرد و دڵۆپ دڵۆپ خوێن کۆ دەبووەوە تا دەبوو بە ڕووبارێ، ڕووبارەکەش دەستی لێ دەڕوا و قاچی لێ پەیدا دەبوو و هەڵدەستایە سەر پێ.)(٢)
ئەوە یەکەمین پەرەگرافی یەکەمین چیرۆکی ئەکرەمە، کە بریتییە لەچەند وێنەیەکی سوریالی. ئەگەرچی ئەو ساڵی ١٩٧٤ بەو شێوازە سەرسووڕهێنە دەستی بە نووسین کردووە، وەلێ دواتر، بە تایبەتی وەک بە چیرۆکەکانی (بازنەی خۆر)ەوە دیارە، (٣) لە هەواری ڕیالیزمدا بارگە دەخات و ئیدی تا (دەسەڵاتی گەسک)(٤) کە ئایاری ١٩٩٥ نووسیویەتی و پێ دەچێت دوا چیرۆکی بێت، ئەو هەوارە جێ ناهێڵێت.

ئەکرەم ١٩٩٣ (بازنەی خۆر) کە لە شەش کورتەچیرۆک پێک هاتووە، بڵاو دەکاتەوە. ئەو نامیلکەیە هیچ دەنگدانەوەیەکی نابێت و هیچ قەڵەمێک بەسەری ناکاتەوە، گەرچی زۆر بەرهەمی لە رووی هونەرییەوە لە بازنەی خۆر کەم بایەختر گرنگیی پێ دراوە.
(ددانپێدانانەکان)ی رۆسۆ، (بیرەوەرییەکانی ئەودیو گڵکۆ)ی شاتوبریان، (ئەگەر تۆوەکە نەمردبا)ی ئەندرییە گید. (رۆژەکان)ی تەها حسین، (وەرزی کۆچی بەرەو باکوور)ی ئەلتەییب ساڵح، (زەلکاو)ی حەننا مینە، (نانی رووت)ی محەمەد شوکری، نموونەی باڵای ئەدەبی ژیاننامەن. دەشێت باشترین ژانر بۆ گێرانەوەی ژیاننامە چیرۆک بێت، وەلێ داهێنەر دەتوانێت لە رێی شیعر و گوتار و گێرانەوەی راستەوخۆی بیرەوەرییەکانیشییەوە، رووناکی بخاتە سەر لایەنە نهێنییەکانی ژیانی. کلیف جیمس پێی وایە یەکەمین رۆمانی هەموو نووسەرێک، گێرانەوەی ژیانی خۆیەتی لەو دیو دەمامکێکەوە.
ئەگەرچی چیرۆکبێژ لە هەموو چیرۆکەکانی (بازنەی خۆر)دا هەموو شتێک دەزانێت، بەردەوام ئامادەیە، ئاگاداری هەموو ورد و درشتێکە و چاوی لە هەموو گرتەیەکە، وەلێ چیرۆکنووس نییە، دەمامکێکە نووسەر خۆی لەو دیوییەوە شاردووەتەوە. چیرۆک با بە راناوی بگۆش بگێردرێتەوە، نابێت تەنیا بەوە فریو بخۆین و وای بۆ بچین چیرۆکبێژ خودی چیرۆکنووسە.
لە کن من چیرۆکی (نامە بەدەکان)(٥) کە ساڵی ١٩٩٢ نووسیوێتی و پێ دەچێت ناوەکەی لە کۆمەڵە شیعرەکەی بۆدلێر: (گوڵە بەدەکان)ەوە، وەرگیرا بێت، یەکێکە لە بەرهەمە هەرە بەپێزەکانی ئەکرەم. لەو چیرۆکەدا خوێنەر هەست بە فرەدەنگی دەکات و هەر کارەکتەرە و ناسنامەی خۆی هەیە. هەست ناکەین نووسەر هەوڵی دەستتێوەردانی دەقەکە و سەپاندنی بۆچوونی خۆی دابێت، دوو کارەکتەرە سەرەکییەکە، دوو کەسی تەواو جیاوازن و لە یادی خوێنەردا دەمێننەوە.
ئەکرەم خوازیارە لە رێی ئەو چیرۆکەوە پێمان بڵێت: خۆ بەستنەوە بە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە، بەرەو مەرگمان دەبات، ئاخر ژیان کە بەردەوام لە گەشەکردندایە، دژی خۆ لە قاڵبدانە، ئاخر خۆ لە قاڵبدان، دۆگما بەرهەم دەهێنێت و توانای دوور بینین و پێشبینی کردنمان لێ زەوت دەکات. (نامە بەدەکان) جەخت لەسەر ئەوە دەکات، زمان کە فیکر بەرجەستە دەکات، بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆیە ئاساییە فیکریش لەگەڵ گۆڕانی زمان و زەماندا گۆڕانی بە سەردا بێت.
جاک درێدا دەبێژێت: (کە نەتوانین دەرک بە بایەخی ناوەرۆک بکەین، کە توانای داهێنانمان نەبێت، خۆ بە دەست شەپۆلی شێوەوە دەدەین.) ئەکرەم سوودی لە گەلێ لە تەکنیکە نوێیەکانی چیرۆکنووسین بینیوە، وەلێ زێدەرۆیی لە هانا بۆ بردنیاندا نەکردووە. دەزانێت کەی و چۆن کەڵک لە فلان تەکنیک وەردەگرێت، دەزانێت چیرۆکنووس بەر لە هەموو شتێک پێویستە شارەزای هونەی گێرانەوە بێت، بۆیە لە پێناوی هونەرییانە گێرانەوەی رووداوەکاندا، هانا بۆ ئەم یان ئەو تەکنیک دەبات.
(ئینسان بۆ هەناردنی نامەی خۆشەویستی بۆ خودا، پێویستی بە نامەبەر نییە،) حەللاج لەسەر ئەو وشە جوانانە، ساڵی ٩٢٢ بە زیندوویی سووتێندرا. هەر بە زەبری وشەی جوان، دەشێت قەڵەم جێ بە شمشێر لەق بکات، شەهرەزاد گرەو لە شەهریار بباتەوە، ئەوە نەبوو شەهرەزاد، بە هۆی وشەوە، نەک هێزی بازوویەوە، مەرگی خۆی دوا خست. هەبوونی چیرۆک بە بوونی دیموکراتییەوە بەندە و چیرۆک دیموکراتی دەچەسپێنێت. مۆدێرنیزم پەرینەوەیە لە تاکدەنگییەوە بۆ فرەدەنگی، چونکە شیعر دەنگی تاکێکە، بۆیە چیرۆک شیعری ئەم سەردەمەیە. ئێستا شیعر هەواری دێرینی خۆی بەجێ هێشتووە و بە دوای هەواری دیکەدا دەگەڕێ پشووی تیا بدات.
جیاوازیی نێوان دیوی دەرەوە و ناوەوەی زمانی دەق، کە لە رێی هانا بۆ رەمز بردنەوە بەدی دێت،

دەوڵەمەندیی دەق نیشان دەدات و کارێک دەکات خوێندنەوەی جیاوازمان بۆی هەبێت و فەزایەکی شیعری بۆ دەقەکە دابین دەکات. ئەکرەم گەلێ جار بە زمانێک کە لە زمانی شیعرەوە نزیکە، ئەو (رووداو)انەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە زادەی خەیاڵن، ئاخر چیرۆکێک کە پشت بە خەیاڵ نەبەستێت، لە ریپۆرتاژ نزیک دەبێتەوە. نووسەر لە باسی خۆرئاوابووندا دەڵێت: (ئاسمان سووراوێکی کاڵی کردووە.)(٦) لە باسی خانووەکانی گوندەکانی هەوراماندا گۆران دەڵێت:

یەک لەسەر یەکتر بەرەو لوتکەی کێو

بۆ ئاسمان ئەچن وەک پێپلکەی دێو.

ئەکرەمیش شاعیرانە وێنەی گوندێکی کوردستان دەکێشێت: (گوند سەری کردووەتە سەر سەرینی چیا و قاچەکانی ڕاکێشاوەتە ناو چەم.)(٧) یان دەڵێت: (شاتوویەکی رووتوقووت شانی دادابووە سەرسەرینی رەشی شەو.)(٨) کە نامە بەدەکان دەخاتەوە نێو زەرفەکە، (زەرف وەکوو دیواری دەرەوەی خانووی گڵ ورگ دەدات.)(٩)

فیردۆسی و جامی هەردووکیان (یوسف و زولەیخا)یان نووسیوە، ئەمیان لەساڵی ١٠١٠ و ئەویان ساڵی ١٤٨٣ دا. فاتیمە مەرنیسی دەبێژێت: (دەقی پیرۆز کە ئەو چیرۆکە بەسەر دەکاتەوە، هەر بەوەوە ناوەستێت، ژن وەک ناپاک نیشان بدات، بەڵکوو هێندە سووک سەرنجی مێ دەدات، ناوی زولەیخا ناهێنێت و تەنیا ڕاناوی (ئەو) لە بری ناوەکەی بەکار دەهێنێت.)(١٠) تۆ بڵێیت تا هەنووکە سەروەربوونی یاسای دەقی پیرۆز، لە سۆنگەی ئەوەوە بێت، کە مێردی تا ئێستا هەر سالار، لە بەرژەوەندیی پیاو نووسیوێتی؟

ئەکرەم دژی ئەو سووکایەتییە بوو کە بە ژن دەکرا و بە ڕەوتار نەک تەنیا بە نووسین، ئینسانێک بوو، بڕوای بە یەکسانی ژن و پیاو هەبوو. (بۆ ئەوەی پیاو بە دەرگای چاوتدا نەکاتە ڕۆحت، هەرگیز لە ئاستی پیاودا چاو هەڵمەبڕە، ئەی ژن. ئیبن حەمزە ٩٩٤ ـ ١٠٦٤) ئەکرەم دژی ئەو بۆچوونە نائینسانییە بوو، هەوڵی بۆ ئەوە بوو، ژن ئینسانێکی ئازادی سەربڵند بێت، نەک کۆیلەیەکی چاوشۆڕ. ئەو بڕوای وا بوو: (ئەو ژنەی سەرمایەی تەنیا لەشولاری بێت، ژنێکە هەژار. ئەو پیاوەی سەرمایە تاقە لایەنی گەشی بێت، پیاوێکە نابووت.)

ئەکرەم مێژوو دەکاتە سەرچاوە، وەلێ مێژوو ناگێڕێتەوە، دیالۆگی لەتەکدا دەکات. لە چیرۆکی (زیانەکانی مچەی کەمال کولانە)(١١) دا، کە ئاوڕ لە شەڕی نێوان عێراق و ئێران دەداتەوە، دەیەوێت بە شتبوونی ئینسان و بە بتبوونی شمەک بەرجەستە بکات. خەباتی خەڵکی کوردیش لە پێناوی مافی ڕەوای خۆیدا، لای ئەکرەم دەبێتە هەوێنی چیرۆکی (گومرگ،)(١٢) کە یەکێکی دیکەیە لە دەقە جوانەکانی.

گوستاف فلۆبیر دەبێژێت: ( بە هۆی پلارهاویشتنەوە نەبووایە، نەمدەتوانی بە کێوی سەختی ژیاندا هەڵزنێم.) ئەکرەم عەلی وێرای چیرۆک، (ستوون)ی تەنزئامێز و (ساتیر)یشی دەنووسی. زۆربەی خوێنەران کە (پەیام)یان پێ دەگەییشت، یەکەم جار ستوونەکەی ئەکرەمیان دەخوێندەوە و کە (چراخان)یان دەبینی، لە (بۆ بزەی سەر لێو)ی وییەوە، دەستیان بە خوێندنەوەی دەکرد.(١٣)

فۆکۆ دەڵێت: (کە سەرنجی تابلۆیەک دەدەین، پێویستە ئەوەمان لە یاد بێت، لە نێو تابلۆکەشدا وێنەکێشێک هەیە لێمان ڕادەمێنێت.)(١٤) جیاکردنەوەی دەق لە نووسەر، وەک جیاکردنەوەی ڕەنگی سەوزە لە گەڵای زیندوو، لە جەستەی هەموو بەرهەمێکی ئەدەبیدا، گیانی نووسەرێک هەیە. کە چیرۆکەکانی (بازنەی خۆر)یم دەخوێندەوە، کە سەرنجی تەنزەکانی (چراخان)یم دەدا، کە لە ستوونەکانی

(پەیام)ی ورد دەبوومەوە، ئەکرەمی مام عەلیم دەبینی، بزەیەکی لەوی مونالیزای لەسەر لێوە، نەمدەزانی بە دەم ژیانەوە پێدەکەنێت، یان پێکەنینی بە ژیان دێت.(١٥)

2003. 01. 24

(*) ئەم باسە ٢٠٠٣/١/٢٥ لە یادی یەکساڵەی کۆچی دوایی ئەکرەمی مام عەلیدا، لە شاری لوندی باشووری سوێد پێشکەش کرا.

(١) هەمزە عەلی ساڵح، فوئاد محەمەد ئەمین و ئەکرەم عەلی محێدین، کۆمەڵێ چیرۆکی ئاوس، چاپخانەی راپەرین ١٩٧٧ سلێمانی.

(٢) هەمان سەرچاوە ل ٤٤

(٣) ئەکرەم عەلی، بازنەی خۆر، کورتەچیرۆک، سوێد ١٩٩٣

(٤) ئەکرەم عەلی، دەسەڵاتی گەسک، پەیام، ژمارە (١٦) یولی ١٩٩٩ لەندەن.

(٥) ئەکرەم عەلی، بازنەی خۆر، ل ٣٣

(٦) بازنەی خۆر، ل٤

(٧) بازنەی خۆر، ل٥

(٨) بازنەی خۆر، ل٢٩

(٩) بازنەی خۆر، ل٥٤

(10) Fatima Mernissi, Shahrazad reser västerut, översättning av Lena Melin, Norsted Förlag 2002 Stockholm.

(١١) بازنەی خۆر، ل ٥٦

(١٢) بازنەی خۆر، ل ٢٣

(١٣) پەیام و چراخان، دوو مانگنامە بوون ئەمیان لە لەندەن و ئەویان لە لوند/ سوێد دەردەچوو.

(١٤) میشیل فوکو، الکلمات و الاشیاء، مطاع صفدی، ص ٣٠ مرکز الانماء القومی ١٩٨٩ بیروت.

(١٥) محمد الماغوط، سأخون وطنی، ص ١٩ دار المدى ٢٠٠١ دمشق.